کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 18:21 7-2-2007

## پەروەردە، یان پڕوپاگەندە؟! ... محەمەد جەمیل

لە هەموو وڵاتانی جیهاندا حکومەت گرنگیی زۆر بە پەروەردە دەدات و کارئاسانیی بۆ دەزگاکانی پەروەردە دەکات، چونکە پەروەردە خاڵی دەستپێکردنی بنیاتنانی کەسێتیی تاکە لە کۆمەڵگا و لەوێشەوە بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی تەندروستە. ئەمڕۆ ئەگەر سەیری هەر کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو لە بوارەکانی ژیاندا بکەین، بێگومان خاوەنی پەروەردەیەکی تۆکمەن، هەر لە باخچەی ساوایانەوە تاکو زانکۆکانیان هەر هەموو پێداویستییەکانی پەروەردەیان هەر لە قوتابخانە و پرۆگرامی خوێندن و هۆکارەکانی فێربوون و کەش و هەوای فێربوون و مامۆستای پسپۆڕ لە بوارەکاندا بۆیان دابین کراوە، سەرەڕای مامۆستا، قوتابی و هەتا فەرمانبەرانی پەروەردە وای لێکردوون کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو دروست بێت.

بەڵام ئەو پەروەردەیەی عێراق ئەوەی خۆشمان (لە ئەلفەوە تاوەکو یا) دوورە لە سیفەتەکانی پەروەردەی تۆکمە، نەك هەر دوورە، بەڵکو ئیفلیج بووە و ناگاتە کاروانی پەروەردەکارانی وڵاتان، هەموومان وەکو ڕۆژ بە ئاسمانەوە دەرکی پێ دەکەین و قسەشی لەسەر دەکەین، بەڵام بی چارەسەر و بێ هودەیە، گەر سەیری مامۆستایان بکەین ئەوە سەدان لەو مامۆستایانە ئارەزوویان نییە لە وانەوتنەوە، کەچی بە ناچاری و لە بێکاریدا بوونەتە مامۆستا، دەیانیش لەو مامۆستایانە چەند وانەیەك دەڵێنەوە بە بی ئەوەی هیچ پەیوەندییەکی بە پسپۆڕیی خۆیەوە هەبێت، زۆریشن ئەوانەی کاری بەڕێوەبەرایەتییان وەرگرتووە و توانای نووسینی نووسراوێکیان نییە، ئەوانە و دەیان کەموکوڕی و گیروگرفتی تر هەموو دەگەڕێتەوە بۆ باری ناهەمواری ئابووریی مامۆستایان و، کەمیی مووچەی مامۆستا وای لە مامۆستا کردووە بێزار بێت لە وانەوتنەوە، بۆیە مامۆستا دەبێ بیر بکاتەوە لە کارێکی تر، چونکە بژێوی ژیانی دابین ناکات خۆ ئەگەر کارێکی تریشی کرد، ئەوە بێگومان توانای وانەوتنەوەی سست دەبێ، سەرەڕای ئەو هەموو کێشانەی کە ئەمڕۆکە مامۆستا هەیەتی ئەگەر چەند مامۆستایەك داوای مافی خۆیان کرد و وتیان: ئەرێ بێ زەحمەت لایەنی پەیوەندیدار بە پەروەردە ئاگایەکتان لە باری گوزەرانی ئێمە بێت، ئەوە ڕاستەوخۆ ئەوانەی هەموو مانگێك (750) دینار لە مووچەی هەر مامۆستایەك دەگێڕنەوە، دەشڵێن (90000) مامۆستا هەیە لە کوردستان و شانازیش بەوەوە دەکەن کە چەند مامۆستایەکیان ناردووە بۆ دەرەوەی وڵات بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی، دەیانەوی خەڵکی وا تێبگەیەنن کە لەسەر حیسابی گیرفانی خۆیان ناردوویانن. دێنە سەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان و لە ڕۆژنامە و ڕادیۆکان مامۆستایان بە گێرەشێوێن ناوزەد دەکەن.

پرۆگرام: مامۆستایەکمان هەیە لە ساڵی هەشتاکانەوە دەفتەرێکی داناوە بۆ وانەکەی خۆی، تاوەکو ئێستاش هەر ئەو دەفتەرە بەکار دەهێنێ بە بی ئەوەی دەستکاری نموونەکانیشی بکات، چونکە مەنهەجەکە کۆنە هی ئەو ساڵانەیە، کە بە بۆری سەیری خانەی لەشی مرۆڤیان دەکرد، مەنهەج زۆری لەسەر نووسراوە و گوترا، تەنها ئەوەندە دەڵێم تاوەکو ئێستاش کورد یەك مەنهەجی خوێندنی نییە، بەڵکو مەنهەجی ناوچەیەك جیاوازە لەگەڵ ناوچەیەکی تردا، گەر مەنهەج و مامۆستا ئاوا بێت، چاوەڕێی چی لە قوتابی دەکەی؟! ئەگەر لە ناو کۆمەڵگادا مرۆڤی خاوەن بڕوانامە بەم شێوەیە ریسوا بێت، قوتابی چۆن بخوێنێ؟ گەر ئەمڕۆکە مرۆڤی نیشتمانپەروەر دروست نەبێ، گلەیی لە کێ بکەین؟ ئەگەر قوتابی سست بێت لە خوێندن و ئاستی زانستیی کەم بێت، بۆ سەرزەنشتی قوتابی بکەین؟ ڕێژەی دەرچوونی قۆناغی سێی ناوەندی و شەشەمی ئامادەیی زەنگێکی بەهێزە، ماناشی ئەوەیە کە پەروەردە لە لای ئێمە لاوازە و پەراوێز کرا و لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژانە دەبینین و دەبیستین کە پەروەردە وای کردووە و وا دەکات و دەبێ وا بکات.. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمەیە واقیعی پەروەردە لەلای ئێمە.

بەهیوای چارەسەرکردنی کێشەکان و پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی ناو پەروەردە بۆ دروستکردنی کۆمەڵگایەکی تەندروست.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.